پێداگیر مەبن لەسەر داواکردنی شتێک، واللە ئەگەر هەریەکێکتان داوای شتێکم لێبکات ومن پێی ببەخشم لەکاتێکدا پێم ناخۆش بێت؛ ئەوا هیچ بەرەکەتێک نابێت لەوەی کە من پێی دەبەخشم

لە موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیانەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێداگیر مەبن لەسەر داواکردنی شتێک، واللە ئەگەر هەریەکێکتان داوای شتێکم لێبکات ومن پێی ببەخشم لەکاتێکدا پێم ناخۆش بێت (دوو دڵ بم لەو بەخشینە)؛ ئەوا هیچ بەرەکەتێک نابێت لەوەی کە من پێی دەبەخشم».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە زۆر پێداگیر بوون لەسەر داواکردن، واتا زۆر داوا مەکەن وپێداگیر مەبن لەمەدا چونکە دەبێتە هۆی نەمانی بەرەکەت لە شتێک کە زۆر پێداگیری هەبێت لەسەر داوا کردنی، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێند دەخوات هەرکەسێک زۆر پێداگیری بکات لەسەر داواکردنی شتێک لە ئەو وپاشان ئەو شتەکە ببەخشێت لەکاتێکدا حەز بەم بەخشینە نەکات؛ ئەوا بەرەکەت لە شتە بەخشراوەکەدا نامێنێت بە گوێرەی پێداگیر بوونی کەسەکە لەسەر داواکردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3580

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee